یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوای خێراکردنی کۆتایی هێنان بە دۆسیەی تەوتین کردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوای خێراکردنی کۆتایی هێنان بە دۆسیەی (تەوتین)ی موچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی لێکتگەیشتنی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کرد.

پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سروە محەمەد، لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی فەرمی رایگەیاند: پەرلەمانتارانی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران پشتگیری لە چارەسەری کۆتایی موچەی فەرمانبەران و دۆسیەی (تەوتین) دەکەن، کە ماوەیەکی زۆرە داوای دەکەین، ئەمەش بە لێکتگەیشتنی هاوبەشەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێم بەهێزتر بوو.

ئاماژەی بەوەشکرد: بڕیاری (تەوتین)ی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پێویستی بە کات هەیە، بەتایبەتی کە زیاتر لە 900 هەزار فەرمانبەر لە کوردستان هەیە.

رونیشیکردەوە: چارەسەرکردنی کێشەی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە ڕێگەی پرۆسەی دانوستان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەوە ئەنجام دەدرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کۆتایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (تەوتین)ی مووچە و هەروەها کێشە خزمەتگوزارییە ڕاگیراوەکانی بەهۆی نەبوونی بودجەیەکی تەرخانکراو بۆ فەرمانبەران کە دوای هەموارکردنەوەی یاسای

بودجەی گشتی چارەسەر دەکرێت.

پێشتر باسم عەوادی وتەبێژی حکومەت لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی هەواڵی عێراقی ڕایگەیاند:

پارەدارکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە پێی ڕێکارە دامەزراوەکان و بە هاوکاری حکومەتی هەرێم بەردەوام دەبێت و ئەو زانیارییانەشی بڵاوکراونتەوە لەسەر راگرتنی هیچ راست نیە.

ئاماژەی بەوەشکرد: وەزارەتی دارایی فیدرالەی پابەندە بە دابینکردنی دارایی هەرێم بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە مانگی ئازار، لەگەڵ گرنگی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بە خێراکردنی پڕۆسەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، تەواوکردنی ڕێکارەکانی (تۆوتین) لە بانکە پەسەندکراوەکاندا.